(إني أحبك في الله)، ئەویش ووتی: (أحبك الذي أحببتني له)

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو؛ لەو کاتەدا پیاوێکی تر بە لایاندا تێپەڕی، پیاوەکە ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ئەم پیاوەم خۆشدەوێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا پێیت وتووە؟»، پیاوەکە ووتی: نەخێر، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پێی بڵێ (با بزانێت کە خۆشت دەوێ)؟»؛ بۆیە ئەویش شوێنی پیاوەکە کەوت، وپێی ووت: (إني أحبك في الله)*، ئەویش ووتی: (أحبك الذي أحببتني له)**». *(واتە: من لە پێناو خوای گەورە تۆم خۆشدەوێت)، **(خوداش تۆی خۆشبوێت چونکە لە پێناو ئەو تۆ منت خۆش ویستووە

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە باسی دەرپڕینی خۆشەویستی دەکات بۆ برای ئیماندار، کاتێک پیاوێک دانیشتبوو لە لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی:من ئەو پیاوەم خۆشدەوێت، مەبەستی پیاوێکە باسنەکراوە کێیە کە بە لای ئەواندا تێپەڕی، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە پیاوەکەی فەرموو: ئایا پێیت وتووە (زانیویەتی کە خۆشت دەوێت؟)، وپیاوەکەش دەستبەجێ فەرمانەکەی پێغەمبەری جێبەجێکرد -صلى الله عليه وسلم- وبە پیاوەکەی ڕاگەیاند کە لە پێناو خوای گەورە خۆشی دەوێت وئەویش بە جوانترین شێوە وەڵامی دایەوە هەروەکو لە فەرموودەکەدا هاتووە، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سونەتە ئەگەر پیاوێکی مسوڵمان برایەکی مسوڵمانێکی خۆشبوێت یان ئافرەتێکی مسوڵمان خوشکێکی مسوڵمانی خۆش بوێت ئەوا با پێی بڵێت: من تۆم خۆشدەوێت لە پێناوی خودا، چونکە ئەم قسەیە دەبێتە هۆی زیاد بوون وپتەبوونی خۆشەویستی لە نێوانیان؛ چونکە ئەگەر مرۆڤ بزانێت براکەی خۆشی دەوێت ئەوا ئەویش خۆشی دەوێت، ودڵەکان یەکگرتوو وتەبا دەبن. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (الأرواح جنود مجندة ما تعارف منها ائتلف، وما تناكر منها اختلف) واتە: (ڕۆحەکان چەند کۆمەڵێکن -لە یەکگرتندا وناکۆکیدا- ئەو ڕۆحانەی لەسەر هەمان ڕێڕەو* بن یەکدەگرن، وئەوانەیشی ڕێڕەویان جیاواز بن ناکۆک دەبن). *(ڕێڕەو: مەبەست بیروباوەڕ ومەنهەج وخێر وچاکە وڕەوشتە جوانەکانە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3028